NED DENG

یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

ڕاپۆرتێک لەبارەی

کێشەی "غازی مالاڵان" لە گەرمیان

پێشەکی:

قەیران، نەبون و کەمی غاز یان گازی شل یان ئەوەی لەناو هاوڵاتیان دا پێی دەوترێت «غازی ماڵان»، یەکێکە لەو کێشانەی کە ناوبەناو لە سنوری ئیدارەی گەرمیاندا سەرهەڵدەدەن، لە ماوەی کەمی رابردودا دو جار ئەم کێشەیە بە قورسی سەریهەڵدا و تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەش کێشەکە بونی هەیە و غاز بەپێی پێویست ناگاتە دەستی هاوڵاتیان و کاسبکاران.

دیارە لە مەبەستمان لە غاز، ئەو گازە شلە سروشتیەیە کە بەشێوەی بوتڵ «قنینە» دابەش دەکرێت و دەفرۆشرێت بە هاوڵاتیان.

لەم راپۆرتەدا یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، بە وردی بەدواداچون دەکات لەبارەی ئەم کێشەیە و هۆکار و لێکەوتەکانی.

بەشی یەکەم: راپۆرت

یەکەم: دۆخی غاز لە گەرمیان

١. بەرکەوتەی غازی گەرمیان

سەرچاوەی غازی سنورەکە، حکومەتی عێراق و بەتایبەتیش پارێزگای کەرکوکە، کە رۆژانە غازی شل لە رێگەی تانکەری گەورەوە دەگەیەنرێتە گەرمیان و بەسەر کارگەکان دا دابەشی دەکەن و کارگەکانیش ئەو گازە شلە دەکەنە ناو بوتڵەوە و لە رێگەی بریکارەکانیانەوە بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشی دەکەن و دەیفرۆشن.

بەرکەوتەی غازی گەرمیان لە پارێزگای کەرکوکەوە رۆژانە بەپێی رێژەی دانیشتوان ٣٥٠٠ بۆتڵی رۆژانە دیاریکراوە. ئەو غازە شلەی بە تانکەر دەهێنرێتە سنورەکە، بەسەر ١١ کارگەدا بەنۆرە دابەش دەکرێت کە هەریەکەیان مانگانە ٧ جار غازیان پێدەدرێت، هەر جارێکیش بەشی ١٦٠٠ بوتڵ غازیان پێدەدرێت، بەڵام بەرێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان دەڵێت: بەشی ناوچەکەمان ناکات.

«سنوری ئیدارەی گەرمیان بە هەریەکە لە قەزاکانی کەلار و کفری و ئەو ناحیانەی دەکەونە سەری، تەنها بڕی ٣٥٠٠ بوتڵ غازی رۆژانەی بۆ دابینکراوە کە لە راستیدا خۆی ئەمە کێشەیە»، بەرێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان وای وت.

یادگار فەتاح، وتیشی: پێداویستی ناوچەکەمان ٥ هەزار بوتڵ غازە لە رۆژێکدا، بەڵام ئێمە تەنها ٣٥٠٠مان بۆ دابینکراوە، کەواتە هەر لەسەرەتاوە ئەو رێژەیە بۆ ئێمە جێی گرفتە.

دەشڵێت: داوامانکردوە لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کە وەزارەتی نەوتی عێراق ناردنی غازمان بۆ پڕبکاتەوە.

٢. پشت نەبەستن بە غازی هەرێم

غازی ئیدارەی گەرمیان وەک لە خاڵی پێشوتردا ئاماژەی بۆ کرا، لە پارێزگای کەرکوکەوە دابین دەکرێت، لەکاتێکدا لە سنورەکەدا بڕێکی زۆر غاز هەیە، هاوکات لە ناوچەی نزیک بە گەرمیانیش کێڵگەی غاز هەیە.

سەبارەت بە غازی سروشتی لە ناوچەی گەرمیان، تائێستا ئەوەی هەیە یەدەگە و لەژێر زەویە و هیچ وەبەرهێنانێکی تێدا نەکراوە، ئەوەنەبێت کە وێستگەیەکی کارەبا لە کێڵگەی نەوتی گەرمیان «حەسیرە» دانراوە کە بەو غازە کاردەکات کە لە بیرە نەوتەکانەوە لەگەڵ نەوتی رەشی بیرەکانەوە دەردەچێت.

هەرچی سودبینینە لە کێڵگە غازە نزیکەکانی سنورەکەشەوە کە زیاتر مەبەست لێی کێڵگەی نەوتی «کۆرمۆر»ـە لە ناحیەی قادر کەرەم لە چەمچەماڵ و گەورەترین کێڵگەی گازە لە هەرێمی کوردستان و بەرهەمی رۆژانەی ٥٠٠ ملیۆن پێ چوارگۆشەیە، تائێستا بۆ غازی شلی ماڵان لە گەرمیان سودی لێنەبینراوە و هیچ بڕێکی ناگاتە گەرمیان.

لەبارەی پشت نەبەستن بە غازی کۆرمۆر، بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، یادگار فەتاح، وتی: پارساڵ کۆرمۆر وەک هاوکاری غازیان بۆ ناردین، بەڵام ئەو بەرهەمە زۆرەی نیە.

وتیشی: خۆمان داوامان نەکردوە پشکی ئێمە بخرێتە سەر هەرێم، چونکە غازی کۆرمۆر بەشی ئێمە دابین ناکرێت و قەیرانەکە زیاتر دەبێت و رەنگە ئەو کاتە لە هەفتەیەکدا تەنها ١٠ تەنکەرمان پێبگات، بەڵام کەرکوک دەتوانێت بەشی ئێمە پڕبکاتەوە.

٣. میکانیزمی دابەشکردنی غاز بۆ بریکارەکان

بەرپرسی هۆبە نەوتییەکان لە بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان دەڵێت: بە پلان بەشە غاز لە کارگەکانەوە بە بریکارەکان دەدرێت و بریکارەکانیش دەڵێن ناتوانین پێداویستی گەڕەکەکانی پێ پڕبکەینەوە.
سالار مەحمود، لێپرسراوی هۆبە نەوتییەکان لە بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، وتی: هەر کارگەیەک ژمارەیەک بریکاری هەیە، هەر بریکارێک دانراوە بۆ گەڕەک یان ناوچەیەکی دیاریکراو، کە بریکارەکە هەڵدەستێت بە گواستنەوەی ئەو بڕە غازەی کە لە کارگەکەیەوە پێی دەدرێت بۆ هاوڵاتیان.
١١ کارگەی غاز لە سنوری ئیدارەی گەرمیان دا هەیە، ٤ کارگە دەکەوێتە قەزای کەلارەوە و ٢ کارگە لە قەزای کفری و سێ کارگە لە ناحیەی رزگاری و سێ کارگەکەی دیکەش دەکەونە ناحیەی مەیدان و کۆکس و قۆرەتوەوە.

بریکارەکان گازندەی کەمی ئەو بڕە دەکەن کە وەریدەگرن، بریکارێک دەڵێت: نەک بەشی گەڕەکێک، ئەوەی وەریدەگرم بەشی یەک کۆڵان دەکات.
شقان عەدنان، بریکاری غازە لەگەڕەکی رزگاری قەزای کفری، باسی لەوەکرد: پێشوتر رۆژانە ٥٠ غازیان وەردەگرت، بەڵام ئێستا سێ رۆژ جارێک تەنها ٢٥ غاز وەردەگرن، ئەوەش بۆ دو بریکارە، واتا هەر بریکارێک بەلای زۆرەوە ١٥ غازی بەردەکەوێت.
بریکارێکی دیکە لە گەڕەکی شەهیدانی قەزای کەلار دەڵێت: سێ رۆژ جارێک ٣٠ غاز وەردەگرین و بەناونوسین دابەشی دەکەین.
ئیبراهیم محەمەد، وتی: کێشەی کەمی غاز وەکخۆی ماوەتەوە، چونکە بەشەکان کە دەگاتە کارگەکان کەمیکردوە، ئەوانیش پێدانیان بە بریکارەکان کەمکردوەتەوە.

دوەم: هۆکارەکانی دروستبونی کێشە و قەیرانی غاز

١. کەمکردنەوەی غاز بۆ کارگەکانی گەرمیان

خاوەنی چەند کارگەیەکی غاز لەگەرمیان باس لەوەدەکەن کە هاوردەکردنی غاز لە ١٧ باری مانگانەوە کەم بوەتەوە بۆ تەنها ٧ بار.
خاوەنی کارگەی شێرەوەن لە ناحیەی قۆرەتو، سەباح ستار، باسی لەوەکرد: ماوەی ٢ ساڵە بەرکەوتەی ئێمە لەکەرکوکەوە کەمکراوەتەوە لە ١٧ باری مانگانەوە بۆ تەنها ٧ بار، کە ئەویش بەشی ١٤٠٠ تاوەکو ١٦٠٠ بوتڵ غاز دەکات کە ١٣ بریکار لەکارگەکەمان وەریدەگرن.
ماهر محەمەد، خاوەنی کارگەی کۆکس لە ناحیەی کۆکس، کە توانای خەزنکردنی بەنزیکەی ٦٠ تۆن غازی هەیە، وتی: لە ئێستا بۆ مانگێک تەنها ٧ بار غاز دەگوازینەوە لە کەرکوکەوە، ئەمەش کەمە و بەپێی پێداویستی نیە.
وتیشی: ١٥ بریکار هەیە جگە لە ناحیەی کۆکس، چەندین گوندی دیکەی لەسەرە، لەوانە: کولەجۆ سەید مدری، شێخ لەنگەر و مەتارەکە.
هەر لەوبارەیەوە، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، هۆکاری کەمی غازی سنورەکەی بەستەوە بە هەبونی خواستی زۆر و ناردنی غاز لەکەرکوکەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق.
وتیشی: کەرکوک دەتوانێت بەشە غازی ئێمە کەم بکاتەوە، چونکە ئێمە پشکمان نیە تاوەکو ئێستا، بەڵکو تەنها بەشێوەی پاڵپشتی «دعم» پێماندراوە کە بەکۆی گشتی بۆ ٢٣ کارگەی گەرمیان وسلێمانی غاز بەوشێوەیە دابین دەکات و بابەتی لەپێشینە بۆ ئەوان ناوچەکانی ژێر دەستی حکومەتی عێراقە، بەمەش بڕە غازەکەمان کەمکراوەتەوە.
هاوکات داوامان کردوە لە رێگەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە کە بڕە غازی ئێمە زیاد بکرێت بۆ ٥٥٠٠ بوتڵ غاز لە رۆژێکدا.

٢. رۆتینات و سەرانە وەرگرتن

گرفتی رۆتینات و سەرانە وەرگرتن، بەوتەی خاوەن کارگەکان هۆکاری پەکخستنی لەناکاوی کارەکانیان و دروستبونی قەیرانی غازە.
رێگای گواستنەوەی غاز لە کەرکوکەوە بۆ گەرمیان، کێشەیەکی سەرەکیە لە پاڵ گرفتەکانی دیکەدا.
یادگار فەتاح، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، دەڵێت: غازمان بۆ دێت، بەڵام بۆ گەیاندنی بە کارگەکان گرفتمان بۆ دروستدەکرێت.
بۆ هێنانی غاز لە کەرکوکەوە، خاوەن کارگەکان بە رێگای کفری دوزخورماتودا هاتوچۆ دەکەن، بەڵام بۆ ماوەی ٨ مانگە رێگری دەکرێت هەمان رێگە بەکاربهێننەوە.
ماهر محەمەد، خاوەنی کارگەی غازی کۆکس، وتی: گرفتمان بۆ دروستکراوە، بەجۆرێک ناتوانین لە رێگای کفری دوزخورماتو بارەکانمان بهێنین، ئەویش بەهۆی داواکردنی سەرانە و پارە لە بازگەکانی حکومەتی عێراقی.
وتیشی: بۆیە بە ناچاری دەبێت رێگای کەرکوک چەمچەماڵ «بانی مەقان» بەکاربێنین، کەچی هەمان رێگەشمان لێدادەخەن و ئەگەر بارێکمان دەستی بەسەردا بگیرێت پێمان نادرێتەوە.
باسی لەوەشکرد: کۆتاجار ئاسایشی بانی مەقان پێیڕاگەیاندین کە نوسراومان بۆ کراوە نابێت بە رێگای «بانی مەقان»دا بگەڕێینەوە، بەڵکو دەبێت بە رێگای کۆرمۆرەوە هاتوچۆ بکەیت کە زۆر دورە بۆ ئێمە.
لەبارەی ئەم کێشەیەوە، سالار مەحمود، لێپرسراوی هۆبە نەوتیەکانی بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد کە لە رێگەی نوسراوێکەوە ئاسایشی گشتی هەرێم لەو بابەتە ئاگادار دەکەنەوە.
سەباح ستار، خاوەنی کارگەی غازی شێرەون، وتی: لە بازگەکاندا لە ١٠٠ دۆلارەوە لێمان داوادەکرێت هەتا ١٠٠٠ دۆلار.
لایخۆشیەوە، بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، ئەوەی بە کێشەیەکی سەرەکی ناوبرد و وتی: گرفتی زۆرمان بۆ دروستدەکرێت لەو روەوە، چونکە دەبێت خاوەن کارگەکان مانگانە (برقیە) رێگەپێدان نوێ بکەنەوە، بەڵام لە کاتی خۆیدا تەواو نابێت و هەمو مانگیک ١ بۆ ٢ کارگەمان ئەو کێشەیەی بۆ دروست دەبێت، بەڵام جاری واهەیە ٦ کارگەمان پێکەوە ئەو گرفتەی هەیە، ئەمەش قەیران دروستدەکات، چونکە ئەو رۆتیناتی ئیداریە لە پێشوتردا ساڵانە بو نەک مانگانە.
عەدنان عەبدولقادر، وتی: لەمانگی کانونی دوەمەوە (مانگی یەکی ئەمساڵەوە) تاوەکو ئێستا کە کۆتایی مانگی ٢ (شوبات)ە، یەکجار (برقیە)ی رێگەپێدانم بۆ کراوە، بابەتەکە لای خۆیان دوادەکەوێت، کەچی بیانو بە ئێمە دەگرن و رێگەمان لێدەگرن.

٣. چاودێریکردنی بریکار و کارگەکان

ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت: چاودێری کارگەکان و بریکارەکانیش توند نەبوە، بەرپرسێکی بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیانیش ئاماژە بە رێکارەکانیان دەکات بۆ چاودێرییان.
کەریم عەلی، ئەندامی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دەڵێت: هیچ کات ئەوەمان بەدینەکردوە چاودێری توندی کارگەکان و بریکارەکان بکرێت، لەکاتی پێویستدا نیگەرانیەکانی خۆشمان بەلایەنی پەیوەندیدار گەیاندوە.
لەبەرامبەردا، یادگار فەتاح، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، لەبارەی ئەوەی چۆن چاودێری کارگەکان دەکەن لەکاتی پێگەشتی غاز بۆیان، وتی: هەمو کارگەکان لیژنەی تایبەتیان هەیە کە ئەو رۆژەی غازیان پێدەگات چاودێریان دەکات و دەزانین کەی غاز گەشتوە پێیان، لە کاتێکدا ١٦٠٠ بوتلیان پێدەگات تۆمار دەکرێت بۆ ئەوەی ٨٠٠ دانەی ئەمڕۆ بفرۆشرێت و رێژەکەی دیکەشی سبەینێ.
وتیشی: لەکاتی دروستبونی قەیراندا بریکارەکان وەکپێویست غاز ناگەیەننە گەڕەکەکان، بەڵکو هەوڵدەدن بەشێوەیەکی بازرگانی بەنرخی ١٠ بۆ ١١ هەزار دینار بیفرۆشنەوە.
عەلی عادل، بریکاری غازی گەڕەکی شێروانەیە لە کەلار، رەتیدەکاتەوە بەهیچ جۆرێک غازی گەڕەکەکەی لە شوێنێکی دیکە فرۆشتبێت، دەشڵێت: ناوی ئەو کەسانە تۆماردەکەین کە غازم پێفرۆشتون.
سالار مەحمود، بەرپرسی هۆبە نەوتیەکانی بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، لەمبارەیەوە جەختی لەوەکردەوە چاودێری لەسەر بریکارەکان هەیە و ٧ بۆ ٨ بریکار بەهۆی فرۆشتنەوەی غاز لەو گەڕەکانەی بۆ بریکاری دیکە دانراون، سزادراون و غەرامە کراون.
وتیشی: ئێمە ئاگادارین رۆژانە کێ و چ گەڕەک و کارگەیەک غازی پێدەگات، بەنمونە ئەگەر گەڕەکێک ئەمڕۆ سەرەی بێت، کۆمەڵێک پەیوەندی دەکەین بە هاوڵاتیانی گەڕەکەکە تاوەکە بزانین غازیان وەرگرتوە یاخود هەرکێشەیەک هەبێت لەوێوە چاودێری کراون.
قایمقامیەتی قەزای کەلار لیژنەی تایبەتمەندی بە سوتەمەنی هەیە، بەڵام ئەوان لەبارەی بەدواداچون و چاودێرییان دەڵێن: زیاتر ئەنجومەنی گەڕەکەکانمان ئاگادارمان دەکەنەوە لە و بابەتانە، بەڵام لیژنەکەمان راپۆرت دەدەنە خودی قایمقام.

٤. بە «قاچاخ» بردنی غاز

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دەڵێت: غازی گەرمیان دەدرێتە ناوچەکانی دیکە بۆیە نرخەکەی گران بوە، نەوت و کانزاکانی گەرمیانیش لەو بارەیەوە رونکردنەوە دەدات.
کەریم عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، وتی: غازی گەرمیان بە قاچاخ دەبرێتە ناوچەکانی دیکەی کوردستان و دەفرۆشرێتەوە، بۆیە نرخەکەی لە ٧ هەزار و نیو کرا بە ٨ هەزار و نیو.
لەبەرامبەردا، یادگار فەتاح، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، دەڵێت: بەهۆی ئەوەی لە گەرمیان نرخی غاز کەمتر بو لەشارەکانی دیکە، ئەمەش وایدەکرد خواستی دەرەوە لەسەر غازەکەی گەرمیان زیاد بکات و لە دەرەنجامدا لێرە بڕەکە کەمتر دەبویەوە، بۆیە بەپێویستمانزانی نرخەکەی هاوتاو بکرێتەوە لەگەڵ ناوچەکانی تر، تاوەکو ئەو گرفتە نەمێنێت.
ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: کەواتا غازی گەرمیان بە قاچاخ براوە و نەتوانراوە رێگری لێبکرێت و نرخەکەی لەسەر هاوڵاتی گران کراوە.

«

هەمو ئەو غازانەی بە بازرگانی دەفرۆشرێن نایاسایین

»

٥. کڕینی غاز بەشێوەی بازرگانی

هاوڵاتیان باس لەوەدەکەن کە غاز بەو نرخەی کە حکومەت دیاریکردوە دەستناکەوێت، یان بە گران دەستدەکەوێت، بەڵام بە نرخی گران و بازرگانی هەرچەندت بوێت هەیە.
دڵگیر جومعە، هاوڵاتی لە کەلار، باسی لەوەکرد جارێک ناچار بوە غازێک بە ٢٥ هەزار دینار بکڕێت، چونکە وەکخۆی وتی: «ئەو کاتە غاز دەست نەدەکەوت و هیچ بەدیلێکی دیکەش نیە ئەگەر نەیکڕین، چونکە پێویستە و ناتوانین هەفتەیەک چاوەڕێ بکەین».
نرخی غازی بازرگانی بەپێی کات دەگۆڕێت، لە کاتی ئێستادا بە هەزار تا دوهەزار گرانتر لە نرخی غازی حکومی لە بازاڕدا دەفرۆشرێت، لەکاتی بونی قەیرانی غاز نرخەکەی زیاتر دەبێت.
هەندێک لە هاوڵاتیان بەهۆی نەبونی غاز، رو لە ناوچەکانی دیکە دەکەن بۆ کڕینی.
ماردین ئیبراهیم، دەڵێت: مانگانە تەنها دەتوانین یەک بوتڵ غاز وەرگرین لە وەکیلەکەمان، بەڵام بۆ خێزانێکی گەورە ئەوە کەمە، بۆیە لەگەڵ چەند کەسێکی نزیکمان غازەکانمان دەنێرینە قەزای دوزخورماتو لەوێ وەریدەگرین.
فرۆشیارێکی غازی بازرگانی دەڵێت لەخانەقینەوە هەرچەند غازم بوێت دەیهێنمە گەرمیان و نرخەکەشی خۆمان دیاری دەکەین.
ئەو فرۆشیارە کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، وتی: من دوکانێکی فرۆشتنی غازم هەیە کە رۆژانە بەپێی خواست غاز لەخانەقینەوە وەردەگرم و بە نزیکی دە هەزار دینار بۆ یەک بوتڵە غاز دەیفرۆشمەوە.
وەکخۆی ئاماژەی پێدا کڕیارێکی زۆری هەیە، چونکە هاوڵاتی هێشتا غازی بەپێی پێویست بەدەست ناگات.
غازی بازرگانی بەبێ بونی هیچ چاودێرییەکی حکومەت، لە ناوچەکەدا دەفرۆشرێت.
ئەو فرۆشیارەی غازە لە کەلار، جەختی کردەوە لەوەی «هەرگیز هیچ کەس پرسیارێکی لێنەکردوین و هیچ لیژنەیەکیش سەردانی ئێمەی نەکردوە بۆ بەدواداچون».
لەبەرامبەردا حیکمەت ئەحمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی چاودێری بازرگانی گەرمیان، جەخت لەچاودێریان دەکاتەوە و ئاماژە بەوەدەکات هیچ شتێکیان لا تۆمار نەکراوە لەوەی لەچەند شوێن دەتوانن غاز بهێننە گەرمیان یاخود چەند بهێنن و بە چ نرخێک بیفرۆشن.
وتیشی: «بازاڕ بازاڕی ئازادە، بەڵام دەبێت هاوڵاتی بێت و سکاڵا تۆماربکات، چونکە ژمارەی فەرمانبەری ئێمە کەمە».
پەیوەست بەم بابەتە، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان نیگەرانە لەئەدای یەکە کاگێڕییەکان.
یادگار فەتاح، وتی: هەمو ئەو غازانەی بە بازرگانی دەفرۆشرێن نایاسایین، ئێمە داوامان کردوە لیژنەیەکی تایبەتی قایمقامی قەزای کەلار کار لەسەر ئەو بابەت بکات، بەڵام ئاماری وەرگرت و هیچ دەرەنجامێکی نەبو، بەردەوامی ئەم بابەتە بەمجۆرە خراپە.
وتیشی: هیچ چاودێرییەکیان لای ئێمە نیە و چاودێریکردنیان قورسە کە ئەمە ئەرکی یەکە کارگێڕییەکانیە.
ئاماژەی بەوەدا لەگەرمیان چەندین شوێنی بازرگانی هەن، بەڵام وەکالەتیان بۆ کراوە، نزیکەی ٦ شوێن دەبن کە دەتوانین مامەڵە و چاودێرییان لەگەڵ بکەین.

٦. پێدانی باج

کارگەکانی غاز لەگەرمیان ساڵانە لە پاڵ پێدانی باج بە حکومەتی عێراق، باج بە حکومەتی هەرێمیش دەدەن، وەک خۆشیان دەڵێن: هاوکاریمان ناکەن و بارگرانیان بۆ دروست کردوین.
ماهر محەمەد، خاوەنی کارگەی غازی کۆکس، باسی لەوەکرد: ئێمە لامان رونە کە عێراق غازمان پێدەفرۆشێت و ساڵانە باجمان لێوەردەگرێت، بەڵام نازانین وەرگرتنی باج لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ چیە لە کاتێکدا هاوکارمان نین.
وتیشی: ساڵانە بڕی ٩ ملیۆن دینار دەدەینە بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان، نیوەی ئەو بڕەش وەک باج دەدەینە حکومەتی عێراق.
سالار مەحمود، لێپرسراوی هۆبە نەوتیەکان لە بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، دەڵێت: نازانین باجەکە چیە، چونکە بابەتەکە لای خودی بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیانە.
باباعەلی محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان، باسی لەوەکرد: باج لە هەمو پیشەیەک دا هەیە، هەرکەس لە هەرکوێ داهاتەکەی هەبێت، دەبێت لەو شوێنە باجەکەی بدات.
وتیشی: باج بەپێی داهاتی ٨٪ وەک قازانج وەردەگیرێت، پاشان ٧٥٪ وەک خەرجی بۆیان هەژمار دەکرێت.
رونیکردەوە: ساڵانە داوا لە کارگەکان دەکەین کە چەند بوتڵ غازیان فرۆشتوە، لەسەر ئەو بنەمایە باجیان لێوەردەگرین، هەر بوتڵێکیش بە ٧ هەزار و نیو لەسەریان حساب دەکرێت، بەڵام لە بازاڕدا بە ٨ هەزار و نیو دەفرۆشرێت.

٧. کێشی بوتڵی غاز و خراپبونی بوتڵەکان

یەکێک لە کێشەکانی دابەشکردنی غاز بە بوتڵ، خراپ بون و کەمی کێشەکەیەتی، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیانیش دەڵێت رۆژانە چاودێری پێویست دەکەین.
میدیا جەلال، دانیشتوی قەزای کەلار، باسی لەوەکرد یەکێک لەو هۆکارانی وایکردوە غازی ئێرە نەکرن، خراپی کوالێتیەکەیەتی، چونکە بەوتەی خۆی بەشێکیان ئاویان تێدابوە و بۆ کاتی بەکارهێنان تەنها چەند جارێک دەتوانن سودی لێوەرگرن.
هاوکات دلێر حاتەم، خاوەنی نانەواخانەی رەیان، وتی: هیچ کات بوتڵەکانیان سیانە ناکرێت، ئەمە وایکردوە غازی کەمتر لە بوتڵەکان بکرێت و بەشێکی بە ژەنگی نێو بوتڵەکان پڕبوبێتەوە. کێشی هەربوتڵێک غاز٢٨ کیلۆیە بەغازەکەیەوە، واتا بۆ هەر بوتڵێک دەبێت ١٢ کیلۆ غازی تێدابێت.
یادگار فەتاح، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، وتی: ئێمە چاودێری وردی ئەو بابەتانە دەکەین، رۆژانە لە کارگەکانمان بە ئامێر بوتڵەکان کێشیان وەردەگرین کە دەبێت ١٢ کیلۆ غازی تێدابێت.
لەبارەی خراپبونی بوتڵەکانیشەوە، وتی: هۆکاری جۆراوجۆری هەیە، ئەگەرچی بوتڵەکان ٨ ساڵ پێش ئێستا گۆڕدراون، بەڵام لە پلانماندایە کە بەدواداچون بکەین و نمونەیان لێوەرگرین، ئەگەر حاڵەتەکان زۆربون ئەوا بوتڵەکان دەگۆڕدرێن.

٨. نەبونی سیستەمی غاز

پسـپۆڕێکی ئەندازیاری شارستانی لە زانکۆی گەرمیان بە گرنگ و پێویستی دەزانێت سیستەمی دابینکردنی غاز بەمشێوە تەقلیدیەی ئێستا نەمێنێت و بە بۆڕی بۆ ماڵان بنێردرێت.
د. شـێرکۆ ئەحمەد، مامۆسـتا لەزانکۆی گەرمیان، کە پسـپۆڕی ئەندازیاریی شارستانیە، باسی لەوەکرد پێویست و ئاسانە پێدانی غاز بەماڵان بگۆڕێت و بکرێتە بۆڕی.
وتیشی: چەندین یەکەی نیشتەجێبون هەیە لە پارێزگای سلێمانی هەمان کاری بۆ کراوە، بەڵام مەرجە لە رێگای کۆمپانیاوە بێت.
باسـی لەوەشـکرد تاکە گرفت بۆ گازی عێـراق، هەبونی گۆگردە لەپێکهاتەکەی دا کەوادەکات پێویستی بە چاککردنەوە «×یانە» هەبێت.
لەبەرامبەردا بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، جەخت لە گرنگی ئەو سیستەمە دەکاتەوە.
یادگار فەتاح، وتی: ئەوە پێشنیارێکی باشە، بە زارەکی سەرۆکی شـارەوانی کەلار و وەبەرهێنانمان لەو بارە ئاگادار کردوەتەوە کە پێویسـتە لانیکەم بۆ یەکەکانی نیشـتەجێبون سیسـتەمی غازی مەرکـەزی جێبەجێ بکرێت، ئەمـە وادەکات بارگرانی ئێمەش کەم ببێتەوە و سیستەمێکی گونجاویشە کە دەتوانرێت دواتر بۆ شوێنە بازرگانی و نانەواخانەکان سودی لێوەربگیرێت.
لایخۆشـیەوە سەرۆکی شارەوانی کەلار، سـەرباری جەختکردنەوە لە گرنگی سیستەمەکە، رەدی کردەوە داواکاری وایان بۆ هاتبێت. ئەکرەم سـاڵح، وتی: هیچ شـتێک بە فەرمی بە ئێمە نەگەشتوە، بـەڵام هێشـتا دەتوانرێت لە یەکە نیشـتەجێبونەکان ئەو پرۆژانە جێبکرێتەوە.
وتیشـی: هەندێـک بابەت هەن تازەن یاخـود مەرجن و ئەوانەمان کردوە، بەڵام بۆ سیسـتەمی غازی مەرکـەزی هەوڵدەدەین بەپێی دیاریکراوی پرۆژەکە کە بۆ چ چین وتوێژێکە، کاری لەسەربکرێت.

سێیەم: لێکەوتەکانی کێشە و قەیرانی غاز لە گەرمیان

١. لێکەوتەی لەسەر هاوڵاتیان

هاوڵاتیان باس لە بەردەومی کێشەی غاز دەکەن و دەڵێن: بەهیچ شێوەیەک وەک پێشوتر نیە و کێشەکە چارەسەر نەکراوە.
نیـزال محەمـەد، دانیشـتوی گەڕەکـی راپەڕین لە قـەزای کەلار، لەبارەی ئەو گرفتەوە وتی: کێشەی غاز هەیە و چارەسەر نەکراوە، چونکـە مـاوەی ١٠ رۆژە هیچ ئـاگاداری ئەوەنین کـە ئۆتۆمبیلی فرۆشتنی غاز بەنێو گەڕەکەکاندا بسوڕێتەوە، من بۆخۆم نەمدیوە.
هاوکات ئەنوەر عەبدولقادر، دانیشتوی گەڕەکی شەهیدان لەقەزای کەلار، باسی لەوەکرد: لەچەند رۆژی رابردودا لەلایەن وەکیلەکەیان غازیان بۆهێنراوە و کێشـەیان نەبوە، بەڵام بەپێی پێویسـت نیە، چونکە کاتێکی زۆری پێدەچێت تا دەگاتە دەستی هاوڵاتی.
لەگەڵ ئەوەشدا، مەریوان سوبحان، کە نیشتەجیی هەمان گەڕەکە، وتـی: قەیرانـی غاز درێژەی هەیە لە کەلار، بەڵام ئەم ١٠ رۆژە بە ئاسانتر دەستمان کەوتوە.
نـەورۆز محەمەد، دانشـتوی قـەزای کفریە، ئەو لـە بارەی کەمی و دەسـت رانەگەشـتنیان بەغاز لەقەزاکە، باسی لەوەکرد: ئەگەر بمانەوێـت غازمـان دەسـت بکەوێت دەبێت یـەک هەفتە چاوەڕێ بکەیـن، پاشـان دەتوانین یەک بوتڵ غـاز وەربگرین، کە ئەمە لە پێشوتردا وانەبوە.
لە ناحیەی سـەرقەڵای سـەر بە کفری، بەوتەی هیوا رەشـید کە دانیشـتوی ناحیەکەیـە، بریکاری گەڕەکەکەیان پێـی راگەیاندون ناتوانێـت غازیان پێبـدات، چونکە بە ناونوسـین کراوە و بەهۆی کەمی بڕەکەیەوە دەدرێتە ئەو کەسـانەی پێشوتر خۆیان ناونوس کردوە.
بەشـێکی گوندەکانـی گەرمیان گلـەی لە نەبونی بریـکار دەکەن بەهـۆکاری دەزانن بۆ کڕینی غـازی بازرگانی بەڕێوبەرایەتی نەوت وکانزاکانی گەرمیانیش وەڵام دەداتەوە.
بیلال محەمەد، دانیشتوی گوندی تازەدێی سەر بە کەلار، دەڵێت: غازمان کەم پێدەدریت، ئێمە لەکوڵەجۆ بە ٩ هەزار دینار کڕیومانە، بۆیە پێمانوایە هەمو ئەو غازەی پێی دەدرێت دابەشی ناکات.
شـەهێن فایەق دانیشـتوی گوندی چاڵەڕەشـە لە کەلار، جەختی لەهەمـان کێشـە کردەوە و باسـی لەوەکرد لە رێگەی کەسـێکی نزیکی خۆمانەوە غازمان دەست دەکەوێت، چونکە هیچ بریکارێک نایەتە گوندەکەی ئێمە.
ئەمە گرفتی چەندین شـوێنی دیکەیە، حسـێن کەریم، دانیشتوی گونـدی گاکوڵ، دەڵێت: بۆ هەرجارێک کە غازمان پێویسـت بێت دەبێت بڕۆینە شوێنی دیکە، کە ئەمە تێچوی زۆرە بۆ ئێمە.
لەبەرامبـەردا بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتـی نـەوت و کانزاکانـی گەرمیان، دابەشبونی بریکارەکان بۆ ژمارە وپێداویستی شوێنەکان دەگەڕێنێتـەوە و دەڵێـت: ناتوانین ئەو رێـگا دورە بخەینە پێش بریکارەکانمـان، چونکـە تێچوی مادی ئەوانیـش زۆردەبێت و بڕە پارەیەکی ئەوتۆیان بۆ نامێنێتەوە.
وتیشـی: بەڵام بەزۆری ئاسانکاریمان بۆ گوندەکان کردوە، یاخود لەکارگەکانەوە راستەوخۆ بەنرخی کەمتر پێیان دراوە.
لای خۆشیەوە رەتی کردەوە بۆ گوندی چاڵە رەش هیچ بریکارێک نەبێت بەڵکو هەمو ئەو گوندانەی پێویست بون بۆیان دانراوە.
هەرچی لە گردەگۆزینەشـە، بە وتەی محەمەد عەلی، دانیشـتوی ئەو گوندەی سـەر بە کەلار، لەسـەرەتای مانگـی کانونی دوەمی ئەمسـاڵەوە بەئاسـتەم غازیـان دەسـتدەکەوت و بەوتـەی خۆی «بریکارەکانمان پێیان دەوتین کە هەموی حجز کراوە».

٢. لێکەوتەی لەسەر کاسبکاران

گرفتــی کەمــی یاخود نەبونی غاز بۆ پیشــەوەران و ئەو شــوێنکارانەی غاز بەکاردێنــن، زیاتــرە، بەڕێوبەرایەتی نــەوت وکانزاکانــی گەرمیانیــش دەڵێــت: ئەولەویەت بۆ ماڵانە.

لــە پاڵ ماڵان دا، شــوێنکارەکانی وەک: نانەواخانەکان، چێشــتخانەکان، خواردنگەکان، کارگەکانی شــیرەمەنی، مریشکفرۆشــەکان و ...هتد، زۆرتریــن گلەییان هەیە لە پێدان و دەســتکەوتنی غاز، لە ئێستاشــدا وەکخۆشیان دەڵێن: پشت بەغازی بازرگانی دەبەستن.

دلێــر حاتەم، سەرپەرشــتیار لە نانەواخانــەی رەیان لە قــەزای کــەلار، وتی: بەهیچ شــێوەیەک غــازی حکومی بــە ئێمــە نــاگات، کەمتریــن بڕمان بــۆ دابینکــراوە کە لەهەفتەیەکدا ٣ غازمان پێدەدرێت، ئێمە رۆژی ٨ غازمان پێویستە.

وتیشــی ئەو وەکیلــەی غازەکەمان بــۆ دێنیت تەنها ٣ غازمــان بە نرخی ٨ هــەزار و نیو پێدەدات، ئەگەرداوای زیاتر بکەین بەنرخی ١٢ هەزار دینار پێمان دەفرۆشێتەوە.

جەلال محەمەد، خاوەنی دوکانی مریشکفرۆشتنە لەکەلار، تــی: بۆ ئێمــە ناکرێت چاوەڕی بکەیــن دوای هەفتەیەک یاخــود دوهەفتە غازمــان پێبدرێت، بەڵکــو ناچاردەبین خۆمــان بەشــیوەی بازرگانی غاز بکڕین و هەر واشــمان کردوە.

بەوتەی دوکاندارێک، «گرانی سوتەمەنی و بێباکی لایەنی پەیوەندیدار» دەبنە هۆکار بۆ داخستنی دوکانەکەیان.

ئەحمەد ئامانەڵلا، خاوەنی دوکانی نانەوا و کاری هەویر، وتــی: خەرجی یــەک مانگم بۆ کڕینی غاز کە لە جەلەولا و کوڵەجــۆ بۆمان دەهێنرێت، ١ ملیۆن دینار زیاترە، کە ئەمە خەرجیەکی زۆرە.

وتیشــی: ئەو غــازەی پێمان دەدرێت کەمــە، هەمویمان بۆ دابیــن ناکرێت، بەڵکو دەکەوێتە سەرشــانی خۆمان، ئەم بارگرانیەش وایلێکردوم بیر لە داخستنی دوکانەکەم بکەمەوە، چونکە هیچ لایەنێک نیە گوێمان بۆ بگرێت.

لەلایەکــی دیکەوە، بریکاری غــازی ناوبازاڕ و دوکانەکان لەقــەزای کــەلار، بیــلال حەســەن، باســی لەوەکــرد: بەرکەوتەی ئــەو رۆژناڕۆژێک ٣٠ بوتڵ غازە، کە ئەمەش کەمە و پێداویستیەکانی پێ پڕناکرێتەوە.

وتیشی: غاز بەپێی پێداویستییەکان دەدرێتە شوێنەکان نەوەک ژمارە، کە دەبێت پێشوتر ناویان نوسی بێت.

رەتیشــیکردوە هیــچ غازێکــی بازرگانی فرۆشــتبێت بەو دوکان و شوێنکارانەی کە بۆی دیاریکراون.

لەبەرامبەردا، سالار مەحمود، لێپرسراوی هۆبە نەوتیەکان لــە بەڕێوبەرایەتــی نــەوت و کانزاکانــی گەرمیان، باس لەودەکات کە ئــەوان ئەولەویەتیان داوە بە گەڕەکەکان، بەشــێوەیەک سەرەتا غاز بۆ ئەوان دابین دەکەن پاشان بۆ شوێنەکانی دیکە.

وتیشــی: بــۆ ناو بازاڕ و نانەواخانــەکان رۆژناڕۆژێک ٨٥ غازیــان پێدەدرێــت، بــەڵام بۆ چایخانە و چێشــتخانە و خواردنگەکان، ناتوانین غازیان بۆ دابین بکەین.

بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

یەکەم: دەرەنجام

١. کێشەی غازی ماڵان لەم ماوەیەی دواییدا قورستر بوەتەوە، بەهۆی زیادبونی خواست لەسەری و هەروەها کەمبونەوەی بڕی غازی هاتو، بەشێوەیەک ناوچەکە رۆژانە پێویستی بە ٥ هەزار بوتڵ غازە، بەڵام تەنها ٣٥٠٠ بوتڵی بۆدێت.

٢. زۆرینەی هاوڵاتیان کێشەی ئەوەیان هەیە غازیان بەدەستناگات، یان ئەو بڕەی بەدەستیان دەگات کەمە، ئەمەش ناچاریان دەکات بە نرخی بازرگانی غاز بکڕن، یان بچنە ناوچەی ژێر دەستی حکومەتی عێراقی بۆ کڕینی غاز، چونکە نرخی غاز لەوێ هەرزانترە. هەروەک کاسبکارەکانیش ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەو بڕە غازەی کە دەیاندرێتێ بە نرخی حکومی زۆر کەمە و بەشی رۆژێکیان ناکات، ئەمەش بارگرانی زۆری بۆ دروست کردون.

٣. هۆکاری کەمکردنەوەی بڕی غازی گەرمیان رون نیە، لەکاتێکدا بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان باس لەوەدەکات کە بەهۆی بونی خواست لەسەری بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق بڕی هاتوی غاز بۆ گەرمیان کەمیکردوە، هاوکاتیش گومان دەکرێت هۆکاری سیاسیشی لە پشت بێت.

٤. سنوری گەرمیان کە سەر بە هەرێمی کوردستانە، بۆ دابینکردنی غاز پشت بە پارێزگای کەرکوک دەبەستێت کە سەر بە حکومەتی ناوەندە، ئەمەش رەنگە لەو هۆکارانە بێت کە بڕی غازی بەپێی پێویست بەدەست نەگات و هەروەها ناوەناویش قەیران و کێشەی تیادا سەرهەڵبدات.

٥. لە سنورەکەدا کێڵگەی غاز و یەدەگی زۆری غازی سروشتی هەیە، بەڵام وەبەرهێنانی تێدا نەکراوە، هاوکات کێڵگەی کۆرمۆر کە گەورەترین کێڵگەی غازی هەرێمی کوردستانە و دراوسێی ناوچەی گەرمیانە، هیچ سودێکی نیە بۆ گەیاندنی غازەکەی بە هاوڵاتیان.

٦. لە سنوری گەرمیاندا ١١ کارگەی غاز هەیە، ئەم کارگانە لەئێستادا مانگی ٧ باری غازیان بە تانکەر لە کەرکوکەوە بۆ دێت، ئەوانیش دەیکەنە ناو بوتڵی غازەوە (هەر بوتڵەی ١٢ کیلۆ غازی تێدەکرێت) و لە رێگەی بریکارەکانیانەوە بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشی دەکەن، کە هەر بریکارە و بۆ گەڕەک و ناوچەیەک دیارییکراوە. نرخی یەک بوتڵی غازیش بە نرخی حکومی، ٨٥٠٠ دینارە.

٧. کارگەکان باس لەوەدەکەن جگە لەوەی بڕی غازیان کەمکراوەتەوە، هاوکات رێگە بە گواستنەوەیشی نادرێت یان بیانویان پێدەگیرێت، بەشێوەیەک ئەگەر بە رێگای کفری خورماتو کەرکوک هاتوچۆ بکەن، داوای بەرتیل و پارەیان لێدەکرێت لەلایەن بازگەکانی سەر بە حکومەتی ناوەند، هاوکات لە رێگەی کەرکوک چەمچەماڵ سلێمانیشەوە رێگەیان پێنادرێت هاتوچۆ بکەن و بارەکانیان دەستی بەسەردا دەگیرێت و ناچار بە رێگەی دیکەدا دەڕۆن کە زۆر دورە و تێچوی زۆرە لەسەریان.

٨. خاوەنی کارگەکان نیگەرانن لەوەی لە بری یەک باج، ٢ باج دەدەن، بە حکومەتی ناوەند و هەرێمیش، ئەمەش بارگرانیەکی زۆرە بۆیان.

٩. ئەوەی مایەی تێبینییە ئەوەیە کە ئەگەرچی غاز بە نرخە حکومییەکەی لە بازاڕدا کەمە و کەم دەگاتە دەستی هاوڵاتیان، بەڵام بە نرخە بازرگانییەکەی زۆرە، ئەمەش گومانی زۆر دروست دەکات.

١٠. لەبارەی ئەگەری فرۆشتنی غازی حکومی بە نرخی بازرگانی لەلایەن بریکارەکانەوە، چ لایەنی پەیوەندیدار کە بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیانە و چ بریکارەکانیش، ئەو قسە و تۆمەتە رەد دە کەنەوە، جەخت لەوەدەکەنەوە ئالیەتی گونجاویان هەیە و دڵنیا دەبنەوە لەوەی غازەکە بە نرخی حکومی بگات بە هاوڵاتیان.

١١. غاز کە پێویستیەکی گرنگی ژیانی خێزانەکانە، بەم سیستەم و شێوازەی هەیە، زۆر کۆن و تەقلدییە، حکومەت هیچ بیرێکی لەوە نەکردوەتەوە کە سیستەمی مەرکەزی بۆ راکێشانی غاز بۆ ماڵان پەیڕەو بکات، تەنانەت لەو پرۆژە نیشتەجێبونانەشی کە تازەن و هەندێکیشیان ڤێلان!

دووەم: راسپاردەکان

١. شـێوازی ئیدارەدانـی کەرتـی غـاز وەکـو زۆر کەرتـی دیکـە، کـۆن و تەقلیدییـە، ئەمـەش وادەکات حکومەت زۆر سـەرکەوتو نەبێـت لـە ئیدارەدانـی دا، چونکە هـەم حکومەت بەمشـێوەیە توانـای نییە بەسـەر ئەو بـوارەدا زاڵ بێت و فەرمانبـەری پێویسـتی نییـە، هەمیـش کێشـەکانی زیاتر بون و زیاتریـش دەبن. گرنگـە حکومەت هەوڵی رێکخسـتنی ئـەم کەرتـە بـدات و هەوڵبدات سیسـتەمی غاز بـکات بە مەرکـەزی، کە ئەمـەش لە هەمـو وڵاتانی جیهـان و تەنانەت ئەوانەشـی زۆر پێشـکەوتو نیـن، بونـی هەیە. بۆ ئەمەش دەتوانرێت سـود لـە کەرتی تایبـەت ببینرێت و ئـەو بارگرانی و کێشـە و دڵەڕاوکێیـەی کـە غاز بۆ هەمـو خێزانـەکان دروسـتی دەکات، کۆتایی پێبێنێت. دەشـتوانرێت سـەرەتا لەو پرۆژانـەی یەکـەی نیشـتەجێبونەوە سیسـتەمی غـازی مەرکەزی دابنرێـت و دواتر بـۆ گەڕەکەکانی دیکـە ببرێت.

٢. هیـچ جـۆرە دوربینییـەک لـە مامەڵەکردن لەگـەڵ ئەم بـوارەدا رەچاو نەکـراوە، چونکـە ئەگەر ١ جار بـڕە غاز لە کەرکوکـەوە نەنێردرێـت بـۆ گەرمیـان، ئەوا دوبـارە قەیران و کێشـە سـەرهەڵدەداتەوە، بـەو مانایەی هیـچ یەدەگێکی غـاز لـە ناوچەکـەدا بونی نییـە و نە حکومـەت و نە کەرتـی تایبەتیش خەمـی ئەوەیان نەخـواردوە کە بیر لـە داهاتو بکەنەوە و بەشـی پێویسـت غاز یـەدەگ بکەن.

٣. گرنگـە حکومـەت بیـر لە سـەرچاوەی گرنتیکراوی غاز بکاتـەوە، ئیتر چ لە ناوخـۆ بێت یان دەرەوە، واتـا دڵنیا بێت لـەوەی غـازی پێویسـتی پێـدەگات، نـەک وەک ئەوەی ئێسـتا کـە هەمـو هێلکەکانی خسـتوەتە سـەبەتەی حکومەتی ناوەنـد و ئەگـەر ئـەو رۆژێک پابەنـد نەبێت بـە ناردنی غازەکـەوە، قەیران و کێشـە دروسـت ببێت.
بـۆ ئەمەش گرنگە کێڵگە غازییەکانی ناوچەکە پەرەیان پێبدرێـت و بهێنرێنە بەرهەمهێنان.

٤. ئەگەرچـی لایەنـی حکومـی بونـی هـەر گەندەڵـی و سـەرپێچیەک رەد دەکاتـەوە لـە دابەشـکردنی غـاز، بـەڵام گومانێکـی زۆر هەیـە، بەتایبەتـی کـە هاوڵاتیـان غازیان بە نرخـی حکومی بۆ نایەت و بـە نرخی بازرگانیـش غاز زۆرە. گرنگـە حکومـەت لەمڕوەوە بـە رێوشـوێنەکانی دا بچێتەوە، ئالیەتێـک دابنێت کـە هاوڵاتیان وەک یەک و بەشـێوەیەکی دادپەروەرانـە غازیـان بـەر بکەوێـت، بـۆ ئەمـەش دەتوانێت پەیـڕەوی سیسـتەمی نۆرە بـکات، ئەگەرچـی حکومەت خـۆی دەڵێـت نۆرە پەیـڕەو دەکات، بەڵام بەشـێک لـە هاوڵاتیان بێئـاگان لە بونی.

٥. دەبێـت حکومـەت رێگەچـارەی گونجـاو بدۆزێتەوە بۆ نەهێشـتنی ئەو ئاسـتەنگ و کێشـە و رۆتینانەی کـە لەبەردەم کارگـەکان و گواسـتنەوەی غـازدا هەیە بۆ ناوچەکـە، ئەمەش بە قسـەکردن لەگـەڵ حکومەتی ناوەندی بـۆ رێگرییکردن لـە وەرگرتنـی پـارە و بەرتیـل لـە بازگەکانـەوە، یاخـود بـە دۆزینـەوەی رێـگای هاتوچـۆی گرنتیکراو و بێکێشـە، چونکـە لەسـەرەنجامدا هاوڵاتیـان زیانمەنـد دەبـن. بۆ چارەسـەری ئەم کێشـەیەش، دەکرێـت نوێنەرانـی گەرمیان لە ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق رۆڵ بگێڕن.

٦. گرنگـە حکومـەت بـواری غـازی بازرگانی کۆنتـرۆڵ بکات و ئـاگای لێبێت، بـۆ ئەمەش دەبێـت یەکـە کارگێڕیەکان باشـتر بێنـە سـەر هێـڵ و لیژنـەی تایبەتمەند دروسـتبکەن، هـەروەک جەردی شـوێنەکانی فرۆشـتنی غـاز بکرێت و چاودێرییـان بکرێـت، چونکـە وەک هـەر بوارێکـی تـر ئـەم بـوارەش گرنگە و ئەگـەر چاودێریـی نەکرێت مەترسـی و لێکەوتـەی زۆری دەبێت.

٧. پێویسـتە حکومـەت شـێوازی وەرگرتنی سـکاڵا و گازنـدەی هاوڵاتیان لەبارەی بونی سـەرپێچی و کێشـە لەم بوارەدا کارا بکاتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پێویسـتە هێڵـی گـەرم دابنێـت و سـکاڵا و تێبینییـەکان وەربگرێـت و بە زویی بەدەمیانـەوە بچێت.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکـی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشـتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـا بـرەودان بە پرۆسـەی چاودێرییکردن و شـەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم